ئایا ئەم پەیوەستمان بە فەیلەسوفە؟.. بەشی سێهەمی ئایا ئەم فەیلەسوفمان هەیە؟.. نازاد حەمە

پەیوەستی بە فەیلەسوفە پەیوەستییەکی مرۆیی و شارستانییە

بە کورتی و پوختی هەر لەم سەرەتایەوە ئەوە وەووی خوێنەرانی ئەم باسە دەخەین، کە زۆرێک هەندێک جار دەپرسن: دەستکەوتە فەلسەفییەکانی بیرمەندە گەورەکانی ڕۆژئاوا گەیاندمانییە کوێ، تا ئەم قسە لەسەر بوون و نەبوونی فەلسەفە لەناو کورد دا بکەین؟ بەگومان ئەوە بەرهەمە فەلسەفییەکانی بیرمەندە گەورەکانی ڕۆژئاوا بوو، کە تا ئەندازەیەکی گەورە، مرۆڤایەتییان بەرەو شوێنێک برد لە خێی و دەوروبەری تێبگات. ئەوە فەلسەفەی ئەو بیرمەندانە بوو، وایان لە مرۆڤی سەردەم جیاکان کرد لە ژیان دوورنەکەوێتەوە و خۆشویستییان بە بوونی مرۆیی خۆیان هەبێت و سوودیش لە گەیینی بوونی کەمالایەتیی خۆیان وەربگرن. هەر ئەوانیش بوون لە سەرەتای فەلسەفەوە کاریان بە ئەوە کرد، ئیشی فەلسەفە کەینەوەبێت لە ڕاستی یان ناڕاستی دیاردەکان.

جەختکەینەوە فەلسەفە کردەیەکی هەزرییە؛ فەلسەفە بە هەر فەیلەسوفێک بەجۆرێک دەخرێتە ژێرپرسیارەوە و گەر تەماشای مێژووی فەلسەفەش بکەین دەبینین هەر فەیلەسوفە و بۆشاییەک تەماشای گرنگیی فەلسەفەی کردووە و لەو ڕوانگەیەوە پرسیاری سەبارەت بەم چالاکییە هزرییە لادروستبووە.

هەندێک لە فەیلەسوفان لەمیانەی بەها ڕەوشتییەکانەوە دەچنە ناو پرسە فەلسەفییەکانەوە، هەندێکی تر لەمیانەی بوونی مرۆڤەوە و زۆرێکی تریش بەهۆی جەختکردن لەسەر پرسیارە مێتافیزیکییەکانەوە. بەهۆی ئەوەی، کە فەلسەفە هەوەستەلەسەر بوون و ئەو زینگەیە دەکات، کە بوونەوەرەکان تێیدا دەژین، ئەم وادەکات زانی فەلسەفە لەگەڵ کاتدا بەرین و بەرینتر بێت و بەسەر دەزی ڕوناکبیریی کەمەگەیشەوە مەحەکی دادوەریی بێت؛ ئاماژەیش بێت لەسەر توانای بیرکردنەوە و ئاستی تێهزرین لەو کەمەگەیە.

کەواتە مافی خۆمانە، ئەمەی کورد بپرسین: ئایا ئەم فەیلەسوفمان هەیە؟ یان لە فەرمەکی تری زمانەوانییدا دەکرێت ئەوە بوترێت: ئایا

ئەم پرسیارە بە فیلەسوفە؟ ئەم پرسیارە بە ئەم سەرنجراکێشیەکەی لەوەدایە، کە ئاماژەگری تێگەیشتنێشە لە دەزی قیرانەکانی هزرییمان.
بە ئەوەی وەڵامی پرسیاری ناوبراو بدەینەوە پێویستمان بەوەیە، کە بزانین بابەتەکانی فەلسەفە چیین؟ خودی فەلسەفە چییە و چیش نییە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە بەدوای دۆزینەوەی تێردا وەڵامدەکەن تا تەماشگەیەنن، کە بابەتی پرسیستمان بە فەلسەفەیە. لێرەدا ئاماژە بە بڕۆشنکی لەو دۆزینانە دەکەین: ئەم بڕۆشکینی لەو فەلسەفەیەی پێیدەڵێن فەلسەفەی ئیسلامیی؟ شتێک هەیە بەناوی فەلسەفەی کوردییەوە؟ هزری فەلسەفیی هزرێکی دیالەگییە یان هەڵمەکیی؟ کێن ئەوانەی لەناو ئەمەدا لە بواری فەلسەفەیەکی پوختدا کاردەکەن؟کە کتێبی فەلسەفیی دەنووسێت و کە ئەو کتێبانە دەخوێنتەوە؟ ئەی بەوانەی لە فەلسەفە فیلەسوفبوون دروستدەکات؟ بە دەقە فەلسەفییە وەرگەڕاوەکان ناتوانن فیلەسوف بەرهەمبهێنن؟
لەم بڕۆشە و بڕۆشی دواتردا وەڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاریدیش دەدینەوە.

ئەم بڕۆشکینی لەو فەلسەفەیەی پێیدەڵێن فەلسەفەی ئیسلامیی؟

پرسیاری ئەمەی کورد بڕۆشکین لەو فەلسەفەیەی پێیدەڵێن فەلسەفەی ئیسلامیی؟ پرسیارێکی لاوەکیی نییە و هەردەم هووبڕووی ئەوانەش دەبێتەوە، کە بەدوای مەژووی فەلسەفەی ئەمەوە وەڵێن. مەژووی فەلسەفەی ئەمە بە ئاسانی نانوسرێتەوە و تەنانەت باوەڕیش بەو شیکارییانە ناکەین، کە هەموو کەس فیلەسوفە یان شتێک فیلەسوفبوونی تێدایە. ئەمە لەکاتێکدا وایە، کە فەلسەفە هاوناکبیرییەکی گشتی بێت. واتە زانیاری کەکردنەوە بێت لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە و سەبارەت بە بابەتی جیاواز. بەڵام فەلسەفە زانیاریی گشتی و سەرپێی نییە. فەلسەفە بەئەوەی فەلسەفە بێت دەبێت زانیاری گشتی تێپەڕێنێت و سەروی تێگەیشتنی باو و پەرت و لاوەکی بێت.
ئەو نەتوانەی گرێدراوی ئیسلامن پێیانوایە سەردەمی زەمینی خەیانیان هەیە. لەوەندەڕە بەدوای فەلسەفەیەکدا وەڵێن، کە پێیدەڵێن فەلسەفەی ئیسلامیی و بە ئەو مەبەستەش پاڵێک ناوی هاوناکبیرانی خەیانمان بەردەستدەخەن، کە سەر بەو فەلسەفە ئیسلامییەن. ئەی ئەمە؟ ، ئەمە کە وەک ئەوانیتر لەژێر کۆقی ئیسلامدا بوونێ خاوەنی سەردەمی زەمینی خەمانین؟ گەر بڵێ، کەوابێت پرسیارێک لەو بارەوە خەی زەقدەکاتەوە، کە بەم جۆرەیە: کوان ئەو پاڵە هاناکبیرە کوردەی، کە کاریان لەسەر/لەناو فەلسەفەی ئیسلامدا کردووە؟ پەناچێت

دەرکەوتنی ئیسلام لەم ووڵاتەدا بە ئەمە گرنگیی هەبووبێت و مانادارێش بووبێت بە هاتنکایەوەی بیرمەندگەلێکی وەک ئیبن روشد، فارابی، ئیبن سینا.

مەبەستی ئەمە لەوەی وترا ئەوە بوو، کە ئایا میراتی هزری ئیسلامیمان دەکرێت وەک فەلسەفە تەماشابکرێت؟ گەر ئەو میراتە وەک فەلسەفە تەماشاکرا، ئەی دەشێت ئەوانەی لەناو ئەو میراتە کاریانکردووە وەک فەیلەسوف ببینرێن؟ کەواتە گەر کاراکتەرە ئایینی یان نەتەوەییەکانمان (شێخ سەعیدی پیران، قازی محەمەد، و بارزانی مەسعود محەمەد و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و... تادەگاتە پیرەمەرد و قانیع و نالی و خانی و مەحویش) بە فەیلەسوف تەماشابکرێن دەکرێت بڵێین فەیلەسوفمان هەیە؟ نەخێر، و پەمانوانییە ئەوانە فەیلەسوفبن؛ دواتریش لە زەر دیدی دیینووسەر ئەم لایانە.

هەکاری ئەو نەخڕەی لای سەرووەمان بەم پرسیارەوە گرێدەدینەوە: شیاوە ئەوەی ئوناکبیرە دیندارەکانمان، شاعیرە سۆفییەکانمان، سیاسییە ئایینییە نەتەوەییەکانمان کاریان لەسەر کردووە بە فەلسەفە (فەلسەفەیەکی ئایینداریی) ناوببێین؟ باشە هیچ بۆگەیەکی مەتەدیی لەئارادایە، کە پەمانبەێت: بۆچی لەسەر دەستی ئەوان؛ ئایین و فەلسەفە، شیعر و فەلسەفە، سیاسەت و فەلسەفە، لەوێدا پێکەوە کاریان کردووە؟ بەیشە وادەبین، چونکە بەشێکی زەر لە دینداریکانی ئەمە نەفرەتیان لە فەلسەفەکردووە و بە تێکدەری باوەداریی ئاینیشیان زانیووە و تانەت زەرکیش لە دینداریانی کورد ئەوەی پێیدەڵێن فەلسەفە، و بەتایبەت فەلسەفەی رەژئاوایی، ڕەتیانکردووەتەوە.

بە زەرتر ووبنکردنەوەی ئەوەی وترا هەر لەرەدا دەپرسین: فەلسەفە لەگەڵ باوەڕی ئایینیدا کۆکە؟ باوەدارە ئایینییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ شتێکدا دەکەن بنەماکەی عەقڵە نێک ئەفسانە و گەڵانەوە؟ لەرەدا دەشێت ئەوەش بپرسرێت، کە ئاسایی بە ئەوانەی سەرقاڵی فەلسەفەن، کە ئەوەش بوارێکی عەقڵییە، ئەوانە بە فەیلەسوف بزانن، کە ئیمانداریان بەرەو فەلسەفە بردوونی؟

ئەو دوو پرسیارەی لای سەرووە ئەوەمان پەدەڵێن ئەو ناوانەی پێشتر گەکران ناتوانین وەک فەیلەسوف تەماشایانبکەین. مەبەست کارەکانیان ناچنە خانەی فەلسەفەوە، ئەمەش بەزەری لەبەرئەوەی ئەوانە نە سیستەمێکی هزرییان دروستکردووە و نەش کاریان لەناو سیستەمێکی پوختی فەلسەفییدا کردووە. سەرباری ئەوە، ئەوەش دەڵێین، کە شونکەوتووانی ئیسلام لە دەڤەری ئەمە لە دەرئەنجامی ڕوانگە ئاینییەکانیانەوە ڕوانگەی فەلسەفییان بەرهەمهێناوە. ئەم لایەنەش دواتر دیینووسەری.

لە پەیوەندی بەوەی لایسڕاوە وروژا ئەوەش دەپرسین،کە هزری ئیسلامیی ئەمە بەچی هزرکی فەلسەفیی قووڵی بەدوای خۆیدا نەهێناوە؟ یان بە دامەزراندنی فەلسەفەیەکی ئیسلامیی لەناو ەوناکبیرانی ئیسلامیی ئەمەدا ئامانج نەبووە؟
بە وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە لەوەوە دەستپەدەکەین، کە لە جیهانی عەرەبیدا ەوناکبیریەکی فەلسەفیی ئیسلامیی بوونی هەبووە. هەر لەگەڵ ئەو ەوناکبیریە فەلسەفیە ئیسلامیەشەوە نەک هەر ئەمان لە پەیوەندیدا بوونە بە جیهانی ڕۆژئاواوە، بگرە خودی ڕۆژئاواش لەگەڵ فارابی و ئیبن روشد و ئیبن سیناوە لە پەیوەندیدا بوونە بە ەوناکبیریە فەلسەفیە ئیسلامیەکەی جیهانی عەرەبی ئیسلامیەوە.
هەر سەبارەت بەوەی لای سەرەوە وترا، دوبارە دەپرسینەوە، ئایا ئەمە خاوەنی ەوناکبیریەکی فەلسەفیی ئیسلامیین؟ پێناچێت ئەوە بین. هیچ نەبێت لەوبارەوە بەهیچ جۆرێک لە ئاستی جیهانی عەرەبیدا نیین. گەر هەندێک لە خوێندرانی ئەم بابەتە پێیانوابێت ئەمە خاوەنی ەوناکبیریەکی فەلسەفیی ئیسلامیی بووینە، کەواتە ئەمەش تایبەت بەم لایەنە دەپرسین: ڕابەرانی ئەو ەوناکبیریە کێن و کاریگەرییان چییە لەسەر دروستکردنی پەیوەندی ئەمە بە جیهانی عەرەبی و ڕۆژئاواییەکانەوە؟ شێخ شەهابەدینی سوهەردی، شەمسەدینی شارەزووری کە ڕابەرانی فەلسەفەیەکی ئیشراقیین، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، حاجی قادری کۆیی، مەلا کەرە، مەسعود محەمەد، خانی و ئەوانیترچ پردێکی هزرییان لەنێوان ئەمە و هزرڤانانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروسکردووە؟ لەسەر دەستی ئەو زاتانە لە کوێی فەلسەفەی یونانەوە دەستمانپێکردووە و چیمان لەم فەلسەفەیە، بە خەمان و بە کولتوورەکانی تر، دروستکردووە؟
لێرەدا بائەوەش بوترێت، کە ئەمە بەشێک نیین لە فەلسەفەی ئیسلامیی، کە فەلسەفەیەکی عەرەبیە، بە هەردوو ئاقارە کۆن و نوێکەیەوە، هاوکات بەشێکیش نیین لە فەلسەفەیەکی ڕۆژئاوایی، کە مەژووە تازەکەی دەگەڕێتەوە بە سەدەی شانزە، ڕێنسانس، تادەگاتە دوا بزاق و تەوژمە فەلسەفیەکانی سەدەی نۆزدە و بیستی ڕۆژئاوا(ئایدیالیزم، ڕاسیۆنالیزم، بوونخوازی، پۆزەتیفیستی، بوونگەرایی و پاش بونگەرایی و پاشتازگەریی و.....). گەر بەشێکین لێیان، کوان بەشداری ئەمە؟ لە کوێ و کەی بە پێڕەک تەوژم و بزاڤی فەلسەفیەوە هاتوینەتە ناو فەلسەفەی ئیسلامیی و ئەوەش، کە پێدەوترێت، فەلسەفەی ڕۆژئاوایی؟؟

هزری فەلسەفیی هزرکی دیالەگییە نەک هەژەمۆنیکی

فەلسەفەکردن بە کەسێکی وەک دێکارت لە گشت شارستانیەتێکدا پەوانیە بە شارستانیبوون. رووتر بدوێین، بڵاوبوونەوەی فەلسەفە لەناو کەمەلگە و نەتەوەکان (شارستانیەکان) دا بە دێکارتDescartes ی گەورە بیرمەندی فەلسەفەی خودگەرایی واتادار بوو؛ بڵاوبوونەوەی فەلسەفە یارمەتیماندەدات، تا خەمان لە دەندە و کۆیەکان جیابکەینەوە." خوا ئەو وڵاتانە بختەوەردەکات، بەڵوڵی دێکارت، کە دەیانکات بخاوەنی فەیلەسوفی ئاستەقینە". ئەم تێگەیشتنە دێکارتییە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بڵێین: فەلسەفەکردن مرۆیبوونمان دەپارێزێت و هەمیشەیش ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە مرۆیبوونمان بەرپرسیارێتییەکی هەوشتییە.
فەلسەفە بەدواداچوونە. ئەو کەسەش ئەمە دێکات فەیلەسوفە. لەو بەدواداچوونەدا فەلسەفە تێگەیشتنێک دەدەزێتەوە. ئەو تێگەیشتنە لەخۆا دروستنابێت. هاوکات فەلسەفە وادێکات بە ئاوەز و لۆژیک پاساو بە شتەکانی ناو ژیانمان بهێنێتەوە. ئەم جارە وتنە بەرەو ئەوەشمان دەبات، کە فەلسەفە دەرگادەکاتەوە لە تێگەیشتنمان لە جیهان، لە خەمان. فەلسەفە نابێت متمانە بوونی نامێنێت. واتە متمانە بەوەی دەیبینین لەسەر خەمان و بوونمان. گومانیناوەت، فەلسەفە لەهەگای دیالێگ و گومانەوە متمانە دروستدەکات. ئەو متمانەیەی بەم جارە دروستدەبێت تەکەم و جێگای باوەڕە.
لەرەوە دەگەینە ئەو دەرهاویشتەیەی، کە فەلسەفە لەهەر شوێنێک بێت بوونی فەیلەسوف پشتاستدەکاتەوە. ئەوەی فەلسەفە بەرهەمیدێنێت فەیلەسوفە، بوونی ئەم جارە مرۆڤانە ئەوە دەگەیەنێت، کە شارستانیێک فەیلەسوفی تیابوو واتە ئەو شارستانییە مەرجە شارستانیەکانی خەی تەواوکردووە، هەروەها بوونی فەیلەسوف لەو حاڵەتدا واتە بوونی مرۆڤگەلێکی جیا، بوونی مرۆڤێک، کە پیشەی بیرکردنەوەیە.
دوا وتنیش لەوبارەوە، ئەوەیە، کە پرسیاری چیەتیی فەلسەفە لە ناوەندی فەلسەفیدا خەی پەویست دەردەخات و لەنەو ناپسپۆانیشدا لە فەلسەفە، بداخەوە، تێگەیشتنێکی فرە ئاستە دروستناکات و قووڵایی فەلسەفەیش پیشاننادات. ئەوەیش، کە لە سەردەمی ئەفلاتونPlato وە زەرینەی فەیلەسوفەکان بەدەستیەوە گیردەن، ئەو گاڵتەکردنەیە بە فەلسەفە دەکرێت، کە فەلسەفە شتێکی بە سوود و زەدەئامێز و فەیلەسوفیش زەربەڵ و چەنەباز. جارجارەیش فەیلەسوف، وەک کەسێکی بئاگا لە جیهانی دەرەوە و داخراو دەبینرێت، بەو کەسەیش دەشوبهێنرێت، کە لە ژوورێکی تەنهادا دانیشتووە و بەخەی بیردەکاتەوە. نەخێر، وانییە. فەلسەفە دژی بهودەیی و بە باکییە. فەیلەسوف ئەو کەسەیە، کە بەدوای هەکاری

بوونی شتەکان، مانای شت، دەگەڵ و ئامانجیشی گەیشتنە بە بنەچەی شتەکان. کەواتە هزریی فەلسەفیی، کە هەزری فەیلەسوفە، هزرەکی دیالەگیینە نەک هەڵەمەکیی.

گشت ئەوەی لای سەرەوە وترا ئەم پرسیارەی لای خوارەوەی لێپەکهات:

شتێک هەیە بەناوی فەلسەفەی کوردییەوە؟

لای سەرەوە کورت و پوخت ئەوەمان خستەڕوو، کە فەلسەفە هزرەکی دیالەگیینە نەک هەڵەمەکیی و پاشخانێکی مێژوویشی هەیە؛ بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانین، کە بپرسین فەلسەفە لە ناو ئەمەدا چ بەسەرهاتێکی هەیە؟ چ مێژوویەک لە پشتیەوەیە؟ باشە ئەم مێژووە لەگەڵ مێژووە جیهانییەکەی فەلسەفە یەکمنانەدەخاتەوە؟ واتە ئەمە بەشکین لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و دەرەوەی ڕۆژئاوا؟ ئەم پرسیارانە دەمانخەنە ناو گەرووی پاڵێک پرسیاری ترەوە، لەوانە: مێژووێکمان لە هەزر هەیە؟ ڕەبازە هزرییەکانمان لە چی پێکدێنن؟ بەرهەمهێنرانەی ئەم ڕەبازانە، یان ئەم مێژووە، کێن؟

بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لای سەرەوە، ئەوە دەبینین، کە نووسین بگشتی جیایە لە نووسینی فەلسەفیی. هەموو دەنووسن بەس خۆ هەموو فەلسەفییانە نانووسن. نووسینی فەلسەفیی هەزێکی هزریی، عەقڵیی، دەیجوانێت. نووسینی تر دەکرێت هەستێک، سەزێک هەکاربێت بە نووسینەکەی. نووسینە فەلسەفییەکان دەکرێت عەقڵانی بن و دەشکرێت لاهوتی(تەلەژی) بن. هەر یەکێش لەمانە ئاماستە و بیریاری خۆی هەیە. ڕوون نییە ئەمە سەر بە کام ئاماستەین و کوان بیریارانی ئەو ئاماستەیەمان. گەر فەلسەفەیەکمان هەیە خۆ دەبێت ئاماستەگەلێکمان لەناو ئەو فەلسەفەیەدا هەبێت(ئەریستۆیی یان ئەفلاتونی، ستۆیستی / هەیوانی/ یان ئەپیکوریی،دەکارتی یان سپینوزایی، کانتی یان ڕاسیی، و ...هتد).

فەلسەفەکاری بەجۆرێکیتر خستەڕووی بیرکەیە. ئەو نووسینانەی لەناو ئەمە بەناوی فەلسەفەوە نووسراون هیچ بیرکەیەکیان بەرهەمهێناوە؟ گەر بەڵێ بەرهەمیانهێناوە، کوا لە چ بوارێکدا؟ چونکە فەلسەفە لە چەند بوارێک پێکدێت: ڕەوشت، پەروەردە، زانست، هونەر و..... . وەرای ئەوە، کە فەلسەفە نەبوو فەیلەسوفیش بوونی نییە. ئەو دوانە، فەلسەفە و فەیلەسوف، واتە بوونی سیستەمێکی هزریی.

فەلسەفەی کوردی، شتێک بەم ناوەوە نییە. گەر فەلسەفەیەکی کوردی هەبێت دەبێت فەیلەسوفەکانیش هەبن. گەر بنەماکانی ئەو فەلسەفە کوردییە شیعر و ئەدەب بێت جا زەربەی میلەتان ئەویان زەر بزیادەوە هەبووە و نەشهاتوون ئەدەب و شیعرەکیان وەک سەرمایێکی

فەلسەفیی نیشاندەن. دەکرێت بوترێت، کە بەچوونی فەلسەفیی کوردیی هەیە، جا ئەوە سەرچاوەکەی جۆرە شیعر و ئەدەبێکی سۆفیانە بێت یان میراتێکی ئاینییانەی سۆفیانە، بەڵام گشت ئەوانە قوتابخانە و شێوەیی فەلسەفییان نەخستووەتەوە وەک ئەوەی نەتەوەکانیتر هەیانە(فەلسەفەی ئیتاڵی و بزاڤە کلاسیک و مەدرەنەکانی، فەلسەفەی ئەڵمانی و تەوژم و شێوەیی فەلسەفییە کۆن و نوێکانی و.....).
چۆن بینینە ناو فەلسەفەی ئیشراقەوە و بڕوا خەمانی لەبەرچاونین؟ شێخ شەهابەدینی سوهەردی، شەمسەدینی شارەزووری، کە رابەرانی فەلسەفەیەکی ئیشراقیین، هاوکارمان دەبن لە قرتاندنی ئەم بڕوایە؟ ئەوەش کە لەناو ئیشراقییەکان دا وتراوە سەبارەت بە زانایانی سەردەمی ئیسلام و خودی فەلسەفەی یۆنانی، کە ئەمیان سەرچاوەی فەلسەفە ئیسلامییەکەی جیهانی عەرەبییە، پێویستی بە دوبارەخوێندنەوە و تەوژینەوەی وردە، تاڵوە دنیابین میراتی فەلسەفیی ئەمە چ جۆرێکە لە میراتی هەزریی.
کاتێک دەڵێین شتێک نییە بەناوی فەلسەفەیەکی کوردییەوە ئەمە بڕوایەکە لە خوێندرانی ئەم بابەتە تووشدەکات. دیارە تووشبوونیش دچێتە خانەی سەز و هەڵچوونەوە و دەرئەنجامی لەژیکیی ناداتبەدەستەوە. تووشبوونی کەسێک یان کەسانێک ناکرێت بکرێت بەپێوانە بە بوونی فەلسەفە. بوون و نەبوونی فەلسەفە دیاردەیەکیی شیکاریی و ڕاڤەکارییە و دوورە لە هەست و سەزی کەسییەوە، جا ئەوە تاکیی بێت یان نەتەوەیی.
کاتێک قسە لە فەلسەفەهەبوون؛ بوونی فەلسەفە و گۆشەی هەزریی فەلسەفیی دەکەین، ئەمە هەروەک پێشتریش وتمان داوای پێناسەی فەلسەفەمان لێدەکات، شانبەشانی ئەوە دەزی وتنەوەی فەلسەفە و مامۆستاکانی فەلسەفە و خوێندکارەکانی ئەم مامۆستایانەش جێیباسن. هەر تایبەت بەم لایەنە ئەو کۆشە سیاسی و ئایینییەیەش جێیباسە، کە لە شارداز زاڵە، کە هەر ئەوەشە نەوەندە ئەکادەمییەکان دەباتەوە.
هەنگاو فەلسەفە بە زەرەک لە دژوارتین ئەو بابەتانە هەژمارکرێت، کە لەناو بابەتە ڕۆژانەییەکان گومانلێدەبێت. مەبەست، حەز لە فەلسەفە دەمەک وەختە لەناو ئەمە خەی لەناو لەپی تاریکییەدا گیرکردووە، لەم هەوشەوە مژوومان هەیە. تاساناکیش بەقەدرزانیی بە فەلسەفەدەکرا؛ ترسەک هەبوو لە فەلسەفە و وەک شتێکی بێئیمانانە و دژدینیش دەبینرا. لە دوو لاوە غەدر لە فەلسەفە دەکرا؛ غەدرێک لە دامەزراوەی ئایینیەوە سەرچاوەیدەگرت و غەدرەکیترەیش لە دەسەاتە سیاسییەکەوە، کە ترسی لە کردەی هەشیاریی تاک هەبوو.
گەر تەماشای بڕوانی کەمەوە سەدسالی ڕابردوو بکەین دەتوانین درک بە بوونی سەرتایەک بە بیرکردنەوەی فەلسەفیی بکەین؟ هەنگاو ئەو

سەدساڵە کەم بێت بۆ ئاوەژی بەشداری خەمان لە مێژووی فەلسەفەی جیهانی دیاریکەین، ئاگەرچی لەماوەی ئەو سەد ساڵەدا بزووتنەوەی ئەدەبی و سیاسی جەراجەر بەدیدکەین؛ لە ئەفسوس ئەو بزووتنەوانە و بەرهەمکانیشیان ناتوانن پەمانبەن ئەمە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیی سیستەماتیکین. بزووتنەوەکان لەچاو ئەزموونی هزریی نەتەوەکانی تر پەهزر نەبوونە و فرەئاقاریش دەرناکەون. پەدەچێت کێشە نەتەوەییەکەمان خەمە گەورەکەی ئەو بزووتنەوە سیاسیی و ئەدەبیانە بووبێت. ئاوێش وایکردووە خەمی نەتەوەیی سەرووی خەمی بیریاریی و هزرییەمان بێت.
ئەو سەدەیەی باسیدکەین، مەبەست گشت سەدەی بیست، کە پێشدەچێت لەناوی بەرهەمی هزری سیاسیی و ئەدەبییەوە دەوەمەندترین سەدەی ئەمە بووبێت، خە هەشتا ئەمە ئاوە بە ئەمە نا ەێت، کە ئەمە فەیلەسوفمان هەیە. شاعیر، چیرۆکنوس و پێخشانnوسی سیاسیی و ئەدەبییەمان هەبووە بەس فەیلەسوف بە مانا رەژئاوایەکەی نەخێر نییەمانە/نەمانبووە. لەو دەمەدا شتێک بەناوی فەلسەفەی ئیسلامیی عەرەبیی لەناومان دا زابووە، بەڵام ئایا توانیوێتی لەناو ەوناکبیرانی ئیسلامیی و ئیسلامی سیاسیی ئەمە ەێچکەبخاتەوە؟

ماوێتی.....

نیاندەرتاەکەی دوێنێ و نیاندەرتاەکانی ئەمە !..
سەدیق سەعید ەواندزی

لەو ماوانەی ەابردوودا، پرسی کەلەسەرکەی ئەشکەوتی شانەدەر و مرۆڤی نیاندرتاە، لە هەرەمی کوردستاندا، بووە باس و باباتێکی گەرمی نەو میدیایا و تەە کەمەایەتییەکان. بەگومان نکەی لە مێژووی شوێنەوار و پاشماوە دەرینەکان و ئاسەواری مرۆڤ سەرەتایەکان، لە ژیانی فەرهەنگی و مێژووی نەتەوەکانی دنیا ناکرێت، بەڵام دەبێ ئەو ەاستییە بزانین کە چەقبەستن لە ەابردوودا، بە پیرۆزکردن و شینگەەان بێ، نامان گەیەنێتە

پشکەوتن و داهێنان. با لێرەدا نموونەیەکی بەرجەستە و دیار بهێنینەوە، هەرچی فەلسەفە و فێلەسوفی دنیا هەیە، هەرچی ئەبازی ئەدەبی و هونەری هەیە، لە گریکەکانەوە سەریهەڵداوە واتا یۆنانی ئێستا، بەڵام یۆنانی ئێستا وەك گریکی دوێنێیە؟ یۆنانی ئێستا چەند فێلەسوف، ئەمانووس، ئەدیبی ناوداری جیهانی هەیە؟ چەند پشکەوتووە، ژیاریەیە، بەراورد بە بەریتانیان و وڵاتانی ئێسکەندناڤی؟ میسریەکان، لە سەردەمی فیرعەوندا ئەهرامەکانیان دروستکرد، بەڵام ئێستا گەلەکەن لە برسان دەمرن و بەنانەك شت دەبن. لە بەرانبەر ئەماندا، ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەم وێران بوو، بەڵام ئێستا ژاپۆن چیەو چۆنە؟ ئەڵمانیا وێران بوو، بەڵام ئێستا ئەڵمانیا چۆنە؟ مەگەر سەدان هەزار کورد بەخەونی گەیشتن بە ئەڵکانیا کەچ ناکەن؟ پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت :_(نان ئەوە نانە ئەمڕۆ لە خوانە) بۆیە کەلەلە سەری نیاندرتاڵیش دوێنێ بووە، بووە ابردوو، ئەوە گرنگە مرۆڤکانی ئێستاو سەردەمی مەدەرنە و پێست مەدەرنە، وەك نیاندرتاڵی دوێنێ لە بیرکردنەوە و هوانین و تەگەیشتن و هەڵفتارکردن نەبن،. ئێستا حکومەت و وەزارەتی دارایی، بەردەوام لە هەی میدیاکانەوە فەرمانبەران فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی کریت کارت و ئامێری ئای تی ئەمی هاکشانی پارە دەکەن، مەگەر ئەمش جۆرێکی دیکە نییە لە سەردەمکی دیکەی نیاندرتاڵبووون؟ ئەم هەسایە کە سەد ساڵە لە وڵاتکی وەکو ئێران، کە ئەمە بەردەوام بەدواکەوتوو ناوی دەبین بەکار دێت. تەنانەت دەتوانی هەموو ئەو وڵاتە بگەیت بە ئەوەی پارەی کاشت پێ بێت و بچییە هەر جەگەیەك پەداویستیەکانت دابین بکەی، بەڵام ئەگەر ئەو ئامێرە مردووە نەبێت کە حکومەت بە هەزاران فەرمانبەر یەك دانەی لە شوێنکی دوورە دەست داناوە،، ئەمە دەتوانین لە مارکێتەك کایەك بکەین؟ شوێك لە مێتڵەك بمێنینەوە؟ لە تیرمیناڵەك پسولەیەك ببین؟ من چی لە ئامێرەك بکەم، کە وەك پووڕەی هەنگ هەزارەها فەرمانبەر لەی دائەوەرێن، ئەگەر پارەی تیا نەبێت، یان تەنها بتوانن لەو ئامێرە مردووە پارە هاکشن؟ ئایا دەکرێ لە سەردەمی ئایتی و پشکەوتنە زانستیەکانی سەردەم بژیت، بەڵام تازە هاووڵاتیەکانت فێری بگەرخستنی ئامێرەك بکەیت، کە سەد ساڵە لە ئەوروپا کاری پێ دەکرێت؟ گەر سەرنج لە تەڵە کەمەایەتیەکان و بەناو کەسایەتی سۆسیال میدیا و یەتەبەرەکان بدەین، مەگەر جیاوازیەکی ئەوتیان لەگەڵ نیاندرتاڵی دوێنێ هەیە؟ کەسانەك هەشتا بەوایان بەسیحر وجادوو بێت، بەوایان بەوەبێت مەلایەك دەتوانێت بە میزی حوشتر نەخشی چارسەر دەکات، هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ نیاندرتاڵ هەیە؟ کەسانەك بەوایان بە جخە گورگ و قوز

کەمتیار، ئەنگوستیلەی سیحر و نوشتە هەبەت، مەگەر فرسەخێك لە نیاندرتاڵ دوورکەوتووەتەوە؟ ئەمە با خەمی نیاندرتاڵەکانی ئەمڕۆ بخەین، ئەو نیاندرتاڵەی هەفتاوپێنج هەزار ساڵ لەمەو بەر گوایا لە ئێشکەوتی شانەدرێ ژیاوە، نە ژینگەیەکی پیس، نە فڕۆ و دوور ڕووی و تەڵەکەبازیی، نە ناپاکی و بێ بەهابوونی مرۆڤەکان، نە تەڵاق و شڕ وخوێنی بینیوە، بەڵێ با خەمی ئەوانە بخەین کە هێشتا لە سەردەمی نیاندرتاڵ و وەك نیاندرتاڵیش دەژین نەك نیاندرتاڵەکەی دوێنێ ! با ڕۆز و شکۆ بە کڵکڵە سەری زیندووەکان دابنەین و شکۆیان نەشکێنین، نەك خەمی کڵکڵە سەرێکی مردوومان بێت.

*ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی ڕۆژگای کوردستان ژمارە (1392) ی ڕۆژی 11/6/2023 بڵاوکراوەتەوە.

پرسەی خۆ ئازادکردن و هەڵبژاردن لە شیعری (قوتوو)ی (نارین ڕستەم)ی شاعیردا.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(قوتوو) وەك ناونیشانێکی شیعریی، ستراتیژییەتی مەدلوولەکان پێکدەهێنێ و دەبێتە دەروازەیەك بۆ چوونە نێو جیهانێکی سوریالی سەرنج ڕاکێش و ئاماژە بۆکراو! بۆگومان شاعیرە سووریالییەکان بەردەوامی هەوڵی کەشفکردنی توانا بۆکتاییەکان و چەژە نەبراوەکانیان دەدەن، ئەو چەژانەی ئاماژەن بۆ تەڵەی وسبەلێکراوەکانی زمان و ئارەزووە کپکراوەکانیانەوە، کە بە هۆی دەسەڵاتی سیستمی کەمایەتی بنبەستووەوە بەدینەهاتوون. لەسەر ئەو بنەمایە دێشە بەهم پرسەی نووسین لای (نارین ڕستەم)ی شاعیر بنچینەی ڕاستقینەی خۆ ئازادکردن و هەڵبژاردن، خۆن و خەیاڵ، گەمە، چەژ، عەفەویەت، دەرچوون لە یاسا… دەنوێنێ. بەڵێ لەو خوێندنەوەیەدا هەوەمداوە جیهانی شیعری (قوتوو)ی (نارین ڕستەم) لە سەر بنەمای خۆن و خەیاڵ، ئازادی و هەڵبژاردن وەك پێکهاتن و

شۆڕشگێڕانەکی شیعریی پێشکەش بکەم، کە بە زمانێکی تایبەت و جیاواز داڕێژراوە، زمانێک کە ئازارووە و پاڵنەرە کەسایەتییەکانی شاعیر دەنووسێتەوە، بە تایبەتی ئەو ئازارووە و خەونانەی کە لە کۆمەڵگایەکی سونەتی و کۆنەخواز تێرکردنیان قورسە.
بەجۆرێ شیعری قوتوو لە زمانی باو دەبڕێتەوە و زمانێکی تایبەت بەخودی خۆی دادەهێنێ، بەگومان بەشێکی گەورەی گرنگی ئەو زمانە لەوەدایە، کە ئاسەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەری باو تێکدەشکێنێ، بەڵام بەشێکی دیکەی لەوەدایە، کە تاچەند دەتوانێ هێز ببەخشێ بە خوێنەری بەشداربووی تازە بە گەیشتن بە بنەما قووڵەکانی دڵ، واتە خوێنەرێك بتوانێ بەدوای جوانییەکان و دژە واتاکان هەنگاو بنێت!.
بەگومان ڕەهەندی خوێنەری بە تواناو نوێخواز لە دەزیندووەی جوانییەکان و دژە واتاکان و ڕەهەندی شیعرییەتدا لە هەڵەی شاعیر کەمتر نییە.
بە بۆچوونی من چونکە ڕەگەزی چێژ و جوانی لە شیعری (قوتوو) ڕەگەزێکی زاڵە، بۆیە خوێنەر وەك چۆن دەتوانێت چێژ لە زمانی خۆی و شۆڕشگێڕانەی خۆیان وەربگرێت، چێژیش لە جوانی و شیعرییەت و وێناکردنی میتافیزیکی هەستی شاعیریش وەردەگرێت. بە مانایەکی دیکە شاعیر لەو شیعرەدا هونەری نواندنی خۆی زمانەوانی بە تایبەتمەندییەوە دەڵکێنێت، فەزایەکی خەیاڵی بە خوێنەر/ وەرگر دەکاتەوە، کە ڕەهەندی خۆی لەو پانتاییەدا بدەزێتەوە. بەو مانایەش لە ڕەگەی بەشداری وەرگر/خوێنەرەوە دەقی قوتوو دەبێتە دەقێکی کراوە؟! وەك دەزانین دەقی کراوە هەڵگری چەندین ڕەهەند و شێوازگەری بیرکردنەوەی جیاوازە، لەو بارەشەوە بە دەقی کراوە (یاکبسن) بیر بخەینەوە، کە قسە لە دوو شێوازی ئەدەبی دەکات، شێوازگەری بەرهەم و شێوازگەری وەرگر.
(1)
ئەگەر شیعر، خەون و خەیاڵی لەبیر کرد، ناتوانێ لەگەڵ شیعرییەتدا هاوشوناسی دروست بکات. بەڵام ئەگەر واقیع نەخوێنێتەوە لەگەڵ کەمەڵگا هەڵناکات. لەبەر ئەوەی شیعری (قوتوو) لە خەیاڵەوە شۆڕشگێڕتنی داهاتوو بونیاد دەنێت، کەواتە لە زەمەنی بەردەوامیمان دادەبڕێ و هەنگاو بەرەو ساتەوەختی پرسەی نووسینەوەی خەون دەنێ. لەو دەستپێکەوە (نارین ڕەستەم) لە داهێنانکی خەونی شیعریدا خەیاڵ وەك باگکراوەند دەنەخشێنێ، بەڵام بە ئەوەی بیرکردنەوەکانی زەمەنی بەردەوامی بە هەند هەڵبگرێت، بەڵکو هەوەدەدات لە ڕەگەی زمانی خەونەوە بە جەرگەك لە جەرگەکان پشت لە واقیعی سڕبنراو بکات، لەوشەوە بەرەو ساتەوەختی جوانی و چێژ و خەشیمان بکاتەوە، بەجۆرێ زمانی خەون دەبێتە زمانحاڵی ئازارووە کپکراو و وسبەلەکراوەکان، بە باگگراوەندی خەیاڵییەوە.

(2)
پرسی شیعری (نارین رەستەم) پرسێکی هەڵچوونئامێز نییە، پابەند نییە بە بەشایی نەوان خەون و خەیاڵ، من و کەمەڵگا، واقیع و دژواقیع... یان بە مانایەکی دیکە پرسێکی ئاڵاستەکراو و مێبەستدار نییە، بەڵکو بە گشتی بە نەستی شاعیر و شیعریەتەوە دڵکە. دەمەوێ بڵێم زمانی خەون و خەیاڵی شیعری هەر تەنها لەسەر تێکدانی یاسا باوەکانی زمان و نەریتە باوەکانی کەمەڵگا نەوەستاوە، هەر تەنها لە دژایەتی کەنتەڵکردنی بیرکردنەوە و عەقڵدا نییە، بەڵکو هەڵبژاردن و ئازادییە، سەیرورە و گۆڕانکارییە؟!
قوتوو گەمەی بیرکردنەوەی خەونی زمانی شیعری دەنوێنێ و خەیاڵ تێیدا شێوەگرتنی نەستی شاعیرە. لە گەمەی بیرکردنەوە و نەستی شاعیردا سەری قوتووی ماڵ، بە ئازادی و هەڵبژاردنەوە لکاوە. لە پرسەی نووسینی شیعرییدا بە سەیرورە و گۆڕانکارییەوە بەندە.
هەڵبژاردن و ئازادی لە قوتوودا رووی یەك دراون، شاعیر بە شێوەی جیاواز دەیانپارێزێ! وەك چۆن ماڵی بە سەر لە شێوەی قوتووی بە سەر، شێوەگرتنی جۆرێك لە ئازادییە، بە هەمان شێوە درووستکردنی خودی ماڵ لە شێوەی قوتوو، هەڵبژاردن ڕێگاکانی دادەڕێژێ.
دەمەوێ بڵێم ئەگەر زمان لایەکی نووسین بێت، ئەوە شێوازگرایی لایەکەی دیکەیەتی، کەواتە زمان و شێوازگرایی سرووشتی (نووسین) دیاری دەکەن و نووسینیش ئازادی و هەڵبژاردنە، سەیرورە و گۆڕانکارییە، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی سەیرورە و گۆڕانکاری، ئازادی و هەڵبژاردندا زمان پەیوەندییەکی تازە لەگەڵ کەمەڵگادا درووست دەکات!
بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیر ناتوانێ بە زمان باو بنووسێت، کەواتە زمانی خەون لە بەرانبەر درووستکردنی (قوتوو)دا هەڵبژاردنەکی تایبەتییە، واتە بە تایبەتی خەونی زمان بە نووسین هەڵدەبژێرێت، بەڵام هەر چەندە شێوازی درووستکردنی (قوتوو) ورد و پتەو بێت، کەچی لە ڕەمەکییەت و لابەلایی نابێتەوە، بەو مانایە خەونی زمانی نەستی شاعیر و شێوازی قوتوو ئاسەی بیرکردنەوەیەکی تازە و بەخششکی بە ئامانج و شیعریی پێشکێش بە خوێنەران دەکات.
(3)
ژان کەهین دەڵێت: شیعر تێکدانی یاساکانی زمانە و شیعریەت شێوازی پێدەبەخشێت. (ئاسمان پارچە رایەخکی موتفەکە ل23) کاتێك ئەو ماڵە بیر لە ئاسمان وەك سەرکی پیرەز (موتفەك) دەکاتەوە، ئەو کاتە شیعرییەت لە خەونکانی (ئازادی/ سەیرورە) و لە شێوەکانی (گۆڕانکاری/ هەڵبژاردن) بەدار دەبێتەوە! بەڵام شاعیر لەو حاڵەتدا لەزانانە پێنا بە باکگراوندی خەیاڵی نەوان شکردان و

خودان و لە گسك بربوونەوە، دەبات، بۆ ئاوەی لە روانینکی کۆنەخوازانە و سیحرئامێزدا بە خوێنریان بفرشتەوە! چونکە کە لە گسکەکە بردەبتەوە و
بەناو (قاپی جاجیك) دەکەوە.
خوێن بە دەماری تانکیدا هاتە خوارەە،
قوتووەکە پەببوو لە خوێ ل22.
بەسواری گسکەکە بەسەر قوتووەکەدا دەفەم ل23.
کەواتە لە داژانی ئازادی/ سەیرورە، شەوگرتنی هەبژاردن/ گەڕانکاری، شاعیر هاوەدەدات لە رەگای بونیادنانی پرسی شیعرییەوە، لە رەگای خون و خیاڵەوە، نەك تەنها ماڵ وەك قوتوو، بەڵکو بونیادی رووکەشی شەکردان و خودان، فەین بەسەر گسکەوە لە مەشکی خوێنەری کوردیدا تەکبشکێنێ! ئیتر وەك (بانگدەر (أكبر)ـەکەی (الله) قووت بداتەوە ل22)!. لەوەوە ئاماژەی ماڵی بە سەر و گسك و سیحر و رەنگدانەوەی بە دوایکداهاتنی شەکردان و خودان و مەودا پراگماتیکەکیان و واژەکانیان رەتدەکاتەوە و گوتارەکی شیعری خونئامێز لەسەر ژەی خیاڵ و ئاسەی چاوەڕوانییەکی نوێ بە خوێنەر/ وەرگر بونیاد دەنێ و فەزایەکی فرە رەهەند لەگەڵ شتگەلی جەراوجەردا درووست دەکات و ناکەکی خەی لە وەناکردنی تایبەت نیشان دەداتەوە، بە ئاوەی هیچ یەکەك لەوانە بە ئاسەی خەی بزانێت، بەو مانایەش (قوتوو) شانیەکە لە گوتن و بەرهەمی هەزاران تیشکەی جیاوازە، لە تیشکەکانی کلتووری کەمەگا.
(4)
هەموو کلتورەك تەگەیشتنی دیاریکراو بەخەی هەیە، لەبەر ئاوەی (تەگەیشتن) پەیوەندی بە کلتوری دیاریکراوەوە هەیە، کەواتە بەپەی سنووری دنیابینی ئەو کلتورە کەمەگا خەی نمایان دەکات. بەڵام پرسی شاعیر سنوور ناس ناکات؟!
(گادامەر) پەیوایە تەگەیشتن لە وەرگرتنی نیازی نووسەرەوە هەڵناقوڵێ، نیازی دانەر ئاسەی تەگەیشتن دیاری ناکات، بەڵکو ئەو ئاسەیە (راڤەکار) پەی دەکاتەوە. راستە راڤەکار شوێنی ناوەندی زمانەوانی پە ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ شوێکانی زمانەوانی مامەڵە دەکات. بەو مانایە ئاوە ئەرکی ئەو خوێندنەوەیە بەرەو تەگەیشتنی تایبەتیمان ببات؟!
کەواتە ماڵ بە سەر بە یان سەردار، لە کلتووری کوردیدا زەردەخەنەکانی دایك شیرینی دەبەشتەوە و بە دەگمەن بە تامی جاجیکی باوك خوێ ئامادە دەکرێ. لە نەوان شەکر و خوێ، دایك و باوك... نارینی شاعیر وەك پاڵەوانکی سوریالی بە گسکی سیحری دەفەێ، لەبری ئاوەی مەستی شیرینی دایك بێ، لە ناکاو دەڕژێتە نەو

جاجیکەکەی باوکییەوە!
بەگومان بە دیاریکردنی سیمای لێژیکیانەی سیستەمی (خوێندنەوە) وەك دەربڕینێکی مەعریفی, دەبە گرینگترین ئەو ئاوێتەبوون و تانوپۆیانە کەشف بکەین، کە دەسەڵاتی خوێندنەوەی لێپێکهاتووە. لە تانوپۆی ئەو شیعرەدا شاعیر بە دەربڕینێکی نالێژیکی جوولاو لە ماددا بڕ دنیای (باوك، دایك، خوشك، برا) دەکەوێت، بەڵام ئەو بڕکەوتنەی تەنها ئاماژە نییە بە ڕیزبەندکردنی خێزان، بەڵکو لەڕەدا خودی ماڵ بابەتی چێژە و خێزان فەرمکانی جوانین، خوونی شاعیر قردەڵەی شیعر و ئیلهامە.
(5)
ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە پەمان دەڵێت خوێنەر لەمیانی دەلالەتکانەوە, ئاگاڕچی شوێنی ناوەندی زمانەوانی پێ ناکاتەوە، بەڵام لە ڕێگای خەیاڵی شیعرییەوە جوانی و دژە واتاکان دەدزێتەوە و لە ڕێگای خوونی زمانەوە شیعرییەت ڕەدەنە, کەچی شاعیر لە ڕووی وزیفەوە سەر بە چەمکی سیمە, یان مەدلولە و هەزی خێی لەوەدا دەبینێتەوە، کە تاچەند دەتوانێت خوێنەری تازە بەدوای جوانی و دژە واتاو شیعرییەتدا بڕێت.
دواجار ئاگاڕ خوێنەر بیەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەچوونی بەرهەمهاتووی ئەو خوێندنەوەیە بکات, ناتوانێ بونیادی دەق فەرامۆش بکات, بە دیوەکەی دیکە لە پرسیە خوێندنەوەدا مەعریفەی دەق و مەعریفەی خوێنەر بەریەکدەکەون و خودی ئەو بەریەککەوتنە ڕەنگدانەوەی بەچوونی (بەرهەمهاتوو) و (ئاسەی چاوەڕوانی تازە) یان (دەقی بەرهەمهاتوو) و (قوتووی بە سەر) دەخوێنەوە.
(6)

قوتوو

قوتوویەکی بەسەرە ماڵەکەمان،
هەندەکجار شەکری تێ دەکرێت و
زەرجاریش خوێ.

کاتێك خوشکم چووە ناو جلی بووکەنیەوە،
ماڵمان شەکردان بوو
(ناگەینە کۆتایی، شەکردانەکە بەشی خواردنەوەی پیاوەچایەکیشی تێدا نامێنێت.)

ئەو هێژەی بەلووعەی تانکیی ئاوەکەم لە دەست پەی و
خوێن بە دەماری تانکیدا هاتە خوار،

قوتووەکە پێ بووبوو لە خۆ!
دەرمانخانەکان لە جیاتیی دەرمان، بلیتی یانەسیبیان دەفرۆشت
بانگدەر (أكبر)ەکەی (الله)ی قووت دایەوە.

لە ناوەڕاستی ئەم قوتووەدا،
ئاسمان پارچەپارچەیەکی موتفەککە، هەواسراوە
هەر پەڕەهەورێکی چکنی بکەوێتە سەر،
دایکم بە گۆسك لای دەبات
(ئەوە دەشارمەوە کە دایکم بە قەرەوڵەیەکەوە نووساوە و پەڕەهەورە چکنەکان دەژمێرێ.)

بە سواری گۆسکەکە بەسەر قوتووەکەدا دەفڕم
باوکم پەکەك عەرەق هەڵدەدا و
فوو لە فانۆسەکە دەکات
من لە گۆسکەکەوە بەر دەبمەوە و
بەناو قاپی جاجیکدا دەکەوم!
تەباغەکە کوژاوەتەوە،
بەشی ساڵێکی دیکە نەگبەتی کوڵاوە.

سەرچاوە: بەرواژ، شیعر، نارین رەستەم، زنجیرە باوکراوەکانی کتێبی نووسیار ژمارە (26) چاپخانەی کارە، چ 1، ساڵی 2021. ل21,

---

ڕەنگدانەوەی ئەدەبیاتی شاخ لە گۆڤاری سەفین.. ئامادەکردنی: محەمەد سەلیم فەتاح

بۆ خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە کلیکی ئێرە بکەن..

MuhamadSalim_TwezhinawaDownload

"هەگبەی گۆپەدان" و ئۆپەراسیۆنی تورکیا دژی پەکەکە.. عوسمانی حاجی مارف

هەڕەچاوکردنی ئەمنی و ئابووری دوو بابەتی هەرە گرنگن لە پەیوەندیەکانی تورکیە لەگەڵ هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقدا، تورکیا لە نووسەکانی سەدەی ڕابردووەوە بنکەی سەربازی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دژ بە پەکەکە لە ناوچەی زێنی زێرد لە دهۆک و هەولێر دامەزراندووە، کە بارزانی کۆنترۆڵی تەواوی هەیە لەو زۆنەدا.

تا ساڵی ٢٠١٦ ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا لە ناوچەی دەسەڵاتی بارزانیدا زۆرتر کورتخایەن بوون، ئەنقەرە بەدوای دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی نەبوو. بەڵام دوای ڕیفراندەمی ٢٠١٧ و ڕاگەیاندنی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، هێرشەسورانی هێزەکانی سوریای دیموکراتی، ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا لە هەولێر و دهۆک زیادی کرد. لە ساڵی ٢٠١٨ تورکیا دەستی کرد بە دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی.

ئەردۆغان، بەنیدا هێرشێکی ئەمنی بۆ درێژایی ٣٠ بۆ ٤٠ کیلۆمەتر لە سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق و سوریا دروست بکات و دامەزرێنێت، بەمجۆرە ئەنقەرە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنووری تورکیای لەگەڵ عێراق خستەبەرنامەی جێبەجێکردنەوە، هێرۆها ئەم هەوڵانە نوێنەرایەتی دووەمی هەوڵی کردنەوەی دەروازەیەکی سنوری نوێی لەگەڵ عێراق کرد، کە سەگۆشەی تورکیا- عێراق-سوریا پێکدەهێنێت.

بەهەی خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هەرشکی کاریگەر بۆ سەر پەکەکە، ئەنقەرە سەرقاڵی دیپلۆماسیەکی چڕ بووە لەگەڵ بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق و سەرکردە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران، دوابەدوای سەردانەکەی ئەم دواییەی هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا، عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا بەهاوکردەوە و تیایدا پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی "قەدەغەکراو" و "مەترسی ئەمنی" بۆ تورکیا و عێراق وەسفکرد، کە ئەمەش بۆ دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئەنقەرە ئەژمارددکرێت.

ئەنقەرە بەهەی بەدەنگی بەغداوە هەلی گونجاوتری بۆ هێکەوتوە، بۆیە پەدەچێت ئۆپەراسیۆنەکەی لە دژی پەکەکە لە قەزای کارا چڕ

بکاتەوە کە دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنەکەی تورکیا زیاتر بە دەستبەرکردنی ئاسایشی ڕێگای "گەشتپێدان"، کە بە موسڵدا تێدەپەڕێت، نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە کاراوە دوورە.
ئەنقەرە بەتایبەتی نیگەرانە لەوەی کە بوونی پەکەکە لە شەنگال لە ڕۆژئاوای موسڵ، پرۆژەکە پێک دەخات، بۆم شۆڕیش جێخت دەکات ئۆپراسیۆنەکانی لەو ناوچانەی کە ئاستەوخۆ پەیوەستە بە دەشتی موسڵ و ڕێگای گەشتپێدانەوە کۆنترۆڵ کات.
هەروەها، بەپێی بەیاننامە هاوبەشەکە، بەغدا و ئەنقەرە بەیارییانداوە لێژنەی هەمیشەیی هاوبەش پێکبهێنن بۆ کارکردن لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەتایبەتی ئەوەی جێگای سەرنجە ئەنقەرە تائێستا نەیتوانیوە لەگەڵ بەغدا بگاتە ڕێککەوتنێکی ئەمنی هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق پێشتر لەگەڵ ئێران واژۆی کردبوو بۆ ماوەکردن لەگەڵ سەرجەم گروپە چەکدارەکانی ئۆپزسیۆنی کوردەکانی ئێران، سەرەڕای ئامادەیی تورکیا پێیوایە لە هاوکاریە ئابوورییەکان لەگەڵ بەغدا و فشارە دیپلۆماسیە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە، وردە وردە سوودەکانی دەچنێتەوە. جگە لەوەش ئێگەری ئەوە هەیە سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق زەمینە بۆ ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە خۆش بکات کە ناوەندێکی ئۆپراسیۆنی هاوبەش لەخۆ بگرێت.
ئەوەی لەم نێوەدا بایەخێکی جدی هەیە، تورکیا بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ عێراقدا پڕۆژەی "ڕێگای گەشتپێدان" بڕەو پێشەوە بچێت، هەوڵدەدات پەیوەندی ناوچەیی ئاستەوخۆ لەنێوان هەردوو وڵاتدا لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بدەستبهێنن و پێگەیەکی باڵا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنن.
ئەوەی پەیوستە ئاماژەی پێبدەین، پرۆژەی ڕێگای گەشتپێدان پێویستی بە ١٧ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی دەبێت، ئەو پرۆژەیەی کە بە بەسرە، دیوانیە، نەجەف، کەربەلا، بەغدا و موسڵدا تێدەپەڕێت و لە ڕێگەی ڕێککەوتکی وشکانیەوە بەغدا و ئەنقەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەرفەتی پشێوی لەباری ئابوورییەوە بە هەردوو وڵات دەخسێنێت.
بەرپرسانی تورکیا لەم بارەیەوە دەڵێن، ئەگەر ڕێککەوتکە بکرێتەوە، لە پرۆسەکەدا هەوڵەر و موسڵ و کەرکوک و بەغدا بە هاوبەشی ئاوەدان دەکرێنەوە.
هەر لەم بارەیەوە لەبەرئەوەی لە ڕێککەوتکەدا هەوڵەریش هاتێتە ناوانەوە، ئەنقەرە و بەغدا پێویستیان بەوەیە مامەڵەیەکی گونجاوتر بکاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی تواوی پێگەی بارزانی و حکومەتی هەرێم لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا، هەرچەندە بارزانیش ناچاربووە

بکەوێتە بڕی دژی پەکەکەوە، بەڵام دیاریکردنی پگۆ بڕی هەوڵەر لە پرۆژەی گۆشەپێداندا تائێستا ڕوون نیە.
هەرچەندە تورکیا دەستێت ئاسایشی کۆریدۆرەکە لەلایەن قوارە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دابین دەکرێت، بەڵام ئەو ڕووداوەی کە هەرێم لە کۆریدۆرەکەدا دەیگێڕێت، ڕوون نیە کە چۆن دەبێت.
بەپێیەی ئەم ڕێگایە بڕیارێکی داڕێژراوە کە بەدەر لە ناوچەی کوردستانی عێراق، پچڕاندنی پەیوەندی وشکانی دەکات لەگەڵ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن، ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سوریا دەکەن، ئەو ناوچانەش هەڵگری هەڵەندەکی ئەمنی گرنگن بۆ تورکیا بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پرۆژەی گۆشەپێدانەوە.
